# نامەیەکی کراوە

## بۆ هەموو حیزب و دەسەڵاتە کوردییەکان

## بۆ بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان

## بۆ ڕای گشتی جیهان

گومان لەوەدا نییە، کە ناوی شاری هەڵەبجە بەر گوێمان دەکەوێت یەکێك لە گەورەترین تراژیدیای سەدەی ڕابردوومان لە پاش هەردوو شاری هێرۆشیماو ناکازاکییەوە وەبیر دەخاتەوە، ئەم وەبیرخستنەوەش مێژوویەکی دڕەندەیی مرۆڤ بەرامبەر بە مرۆڤمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە ئێمەی مرۆڤ وەك مرۆڤ لەبەرامبەریدا ئارەقەیەی شەرم ئەتکێنین. کارەساتی هەڵەبجە تەنها کارەساتێکی ڕێکەوتی ناو شەڕە دڕەندەکانی مرۆڤ نییە، بەڵکو هەڵەبجە پیلانێکی داڕێژراوی سیاسەتی بە هەموو مانایەك فاشی بەعس بوو بەرامبەر گروپی ئەتنی جیاواز.

چەندە مرۆڤ بەناوی هۆلۆکۆست و هێرۆشیما هەست بە شەرمەزاریی دەکات ئەوەندەش لە بەرامبەر شاری هەڵەبجەدا زمانی دەبەسترێت و لەناخەوە خۆی دەخواتەوە بۆ ئەو هەموو بەڵێن و پەیمانەی لە دوای شەڕی جیهانی یەکەم، بۆ قەدەغەکردنی چەکی ژەهراوی بە مرۆڤایەتی درا. گازبارانکردنی هەڵەبجە دوا پەڵەی شەرمەزاری بوو، لە کۆتایی سەدەی بیستدا بە نێوچەوانی هەموو مرۆڤایەتییەوە، بۆیە دەشێت هەڵەبجە ببێتە نمونەیەك بۆ جیهان لەداهاتوودا، هەتا جارێکی تر تاوانێکی لەو جۆرە بەرامبەر بە مرۆڤایەتی دووبارە نەبێتەوە، کە هەناسەدان لە مرۆڤ بکرێت بە ژەهرە هەوا بە شێوەیەك ببێتە گاز، کە نەك مرۆڤ بەڵکو هەموو زیندەوەرو ڕووەکەکانیش تیایدا بخنکێن. ئەم تاوانانە بە تەنها دەرهەق مرۆڤ ناکرێن ئەوەندەی دەرهەق ژینگەو سروشت بە هەموو بوونەوەرەکانەوە دەکرێن، بۆیە دەشێت هەڵەبجە ببێتە نمونەیەك بۆ کۆتایی هێنان بەهەموو شێوەیەك لەو شێوە تاوانانەی بەرامبەر مرۆڤایەتی دەکرێن بەتایبەتی خەڵکانی سڤیل، بۆیە داواو پێشنیاری ئێمە ئەوەیە: وەك کۆمەڵێك نووسەر، شاعیر، هونەرمەند، ڕۆشنبیرو خەڵکانی ئازادیخوازو دیموکراتیخواز هەڵەبجە وەك سومبولێکی نمونەی لە جیهاندا بمێنێتەوە، بەمەش:

- خاڵیکردنەوەی هەڵەبجە لە گەورەترین چەکەوە بۆ بچوکترینیان.
- داماڵینی چەك لە شانی هەموو ئەو چەکدارانەی لەشاری هەڵەبجەدان.
- ڕۆشتنە دەرەوەی هەموو هێزێکی سەربازی و چەکداری بە هەموو میلیشیا جیاوازەکانەوە
- ڕێگەنەدان بە هیچ فرۆکەیەکی سەربازی بەئاسمانی ئەو شارەدا بفرێت.
- دروستکرنی مۆزەخانەیەکی دوو نهۆمی لە ژێر ناوی (کۆتەڵی شەهیدان) کە لەسەرەوەی پەیکەرێك تەعبیر لەو کارەساتە بکات و لە ژێرەوە هەموو ئەو دۆکۆمێنتانەی تێدا بێت، کە تایبەت بن بە مێژووی ئەو شارەو هەموو ئەو دۆکۆمێنتانەی تایبەت بن بەو کارەساتەوە بە هەموو ئەو وێنەو فیلمانەوە، کە لەبەردەستدان.

بۆیە داوا دەکەین ئەو کەسانەی دەخوازن پشتگیری لەم پێشنیازە بکەن ناوی خۆیان لە خوارەوە بنووسن، بەمەش خزمەتێك بە مرۆڤایەتی دەکەن و دڵسۆزی خۆیان بۆ ئەو کارەساتە نیشان دەدەن.

تێبینی: ئەو بەرێزانەی ناوی خۆیان دەنێرن با پیشەکەشیان بنێرن بۆ **y_khelani@yahoo. de**

لیستی ناوەکان

| | |
|---|---|
| ١– تارا رەسول | هونەرمەند |
| ٢– کامەران مستەفا | هونەرمەند |
| ٣– سەنتەری هەڵەبجە CHAK | رێکخراو |
| ٤– حەمە شوان حەمە فەرەج | شاعیر |
| ٥– یاسین بانیخێلانی | نووسەرو هونەرمەند |
| ٦– گۆران هەڵەبجەیی | نووسەر |
| ٧– عەلی مەحمود | نووسەر |
| ٨– حاجی ئەنوەر | نووسەر |
| ٩– قادر نادر | رۆژنامەوان |
| ١٠– سەلاح گەرمیان | رۆژنامەوان |
| ١١– سالار سۆفی | هونەرمەند |
| ١٢– ئارام بۆگردی | رۆژنامەوان |
| ١٣– شەرمین هەڵەبجەیی | شاعیر |
| ١٤– سۆران زەکی | |
| ١٥– کاوە حەسەن | |
| ١٦– ژووری پێشکەوتن خوازان | پالتالك Paltalk |
| ١٧– رێکخراوی ئەنفالەکانی کوردستان\ هەولێر | رێکخراو |
| ١٨– رۆژنامەی تەعریب\ هەولێر | بلاوکراوە |
| ١٩– گۆڤاری هەنگاو\ سلێمانی | بلاوکراوە |
| ٢٠– سەنتەری رۆشنبیرانی پێشکەوتنخوازان\هۆڵەندا | رێکخراو |
| ٢١– سۆزان رەسول زادە | خوێنکاری بەشی رۆژنامەوانی |
| ٢٢– جان دۆست | نووسەر |
| ٢٣– دانا هەڵەبجەیی | رۆژنامەنووس و بەرپرسی سایتی هەڵەبجە |
| ٢٤– سایتی کەرکوك. کوردستان پۆینت | بلاوکراوەی ئەنتەرنێتی |
| ٢٥– سوارە کەمال | رۆژنامەوان |

www.kurdistannet.org
18-3-2003 13:18

| | |
|---|---|
| ٢٦- جەزا چنگیانی | نووسەر |
| ٢٧- سەلام عەبدوڵا | نووسەر |
| ٢٨- بەڕێز باساکی\ سلێمانی | ئەندازیار |
| ٢٩- ئەحمەد زامدار | شاعیر |
| ٣٠- پێشڕەو حەمید\ دەربەندیخان | هونەرمەند و ڕۆژنامەنووس |
| ٣١- ئەرسەلان حەمە ڕەشید\دەربەندیخان | ڕۆشنبیر |
| ٣٢- نازیَ بۆتان\ کوردی گورجستان | هونەرمەند |
| ٣٣- نەورۆز بۆتان | هونەرمەندو پەروەردەکار |
| ٣٤-عومەر فارس عەزیز | ڕۆژنانەنووس بەرپرسی کوردستان نێت |

کوردستان نێت www.kurdistannet.org